# سەراب

موحسین حسەینخانی
لە فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی
(تاران)

ئێمە تینوو نەبووین و
عیشقمان
وەک ئاوخواردنەوە
دەردەبڕی
بە دەستی بەستراو
چاوی بەستراو
دەمی کراوەوە
پاڵمان دایەوە بە دیواری ژیانەوە و
نەمانزانی
پەیڤگەلێک
لە چاوەکان و
دەستەکان و
دڵەکاندا هەن
گەر نەیاندۆزینەوە
لە دەمەکانەوە
تەنیا گوللە دێتە دەرەوە!

بەڵێ
خۆشویستن بۆ ئێمە هەر ئەمە بوو:
نامەیەکی عاشقانە بە خەتێکی جوان
لە ناو کتێبێکی گەورەدا شاردمانەوە و
لە ماڵ پاککردنەوە و
لە ماڵ بارکردن و
ئامانەتدانەکاندا
ون بوو.



**بۆ ئەمیرکەبیر**

لە سێبەرەکەشت دەترسن
هەربۆیە پێش خۆرهەڵاتن
دەستبەکاربوون

ئەوان نەیاندەزانی
ناکرێت دەماری مێژوو بقرتێنن
تۆ نامری
هەروا کە مانگ نامرێ و
هەوڵی کوشتنت
وەک هەوڵی ماسی حەوزێکە
بیەوێ مانگ قووت بدات

**پێکەوە نەگونجان**

ئەو درەختە
لە چوارچێوەی پەنجەرەکەدا
ئازادە
بەڵام ئەم زەردەخەنەیە

چەندان ساڵە
لە چوارچێوەی وێنەکەدا
بەندکراوە!

هەندێ جار فرمێسکەکان سروشتین و
ئەمەش ترسناکە
وەک هەستی ئەو لێبووکەی
دەترسێت
لە سەر تەختەی شانۆ
دەست بکات بە گریان و
فرمێسکەکانی
زەردەخەنەکەی بسڕنەوە
ئێستا دەزانم
بۆچی شەوان
هێندە گریانەکانمم خۆش دەوێ و
بەیانیان ئاسوودەتر کچەکەم دەبەم بۆ قوتابخانە
بەڵام سبەی
کە گەورەتر بوو
باسی جیاوازی
چوارچێوەی پەنجەرە و چوارچێوەی وێنەکەمانی
بۆ دەکەم

ئەوەش کە
هەندێ وشەی وەک ئازادی
نابێت لەسەر دیوار بنووسرێت!

**بیرکردنەوە**

لەگەڵ هەندێ ئازاردا
هیچ ناکرێ
دەبێت
تا کۆتایی
لەگەڵیاندا بیت!

جانتاکەت بۆنی گەڕانەوەی نەدەدا
ئەو ڕۆژەش
باران
تەنیا بۆ کرانەوەی چەترەکەی تۆ باری

بیرکردنەوە لە گەڕانەوەت
پەرداخێکی پڕ لە ئاوە
لێگەڕێ
وەک لاسکە گوڵێکی ساختە بمێنمەوە!

سەرچاوە:
١ - تنها مرگ زندگی می کند، نشر فصل پنجم، ١٣٩٦.
٢ - یورتمه در دشت دلتنگی، نشر مروارید، ١٤٠٠، چاپ دوم ١٤٠١.
٣ - کوه صدایم را پس نمی دهد، نشر مروارید، ١٤٠٢، چاپ دوم ١٤٠٣.